# کەشتیە جەنگیەکانی ئەمریکا تەقەیان بە سەر بەلەمەکانی سپای پاسداران کرد

بەرپرسانی ئەمریکایی رایانگەیاند، پێوەندی بێسیمی کەشتی (ناو) ئەمریکایی لەگەڵ بەلەمەکانی رژێمی ئێران ئاکامێکی نەبوو، بەڵام لە دوای تەقەی ئاگادار کردنەوە لەلایەن ناوی جەنگی (یوئیس ئیس تودەی) بەلەمەکانی رژێم ناوچەکەیان بەجێ هێشت.

هەواڵدەری ئاسوشیتدپریس ڕاپۆرتی داوە، شوێنی ئەو ڕوداوە لە دەرەوەی ئاوەکانی ئێران بووە و لە زمان بەرپرسێکی هێزی دەریایی ئەمریکا کە ناوی خۆی ئاشکرا نەکردوە، رایگەیاند یەکێك لەو سێ بەلەمە تا ١٨٠ میتری لە کەشتیە جەنگیەکەی ئەمریکا نزیك بوونەوە.